# کە کتێبی ساڵ هەڵدەبژێرێت؟.. سەدیق سەعید ڕواندزی

بەگومان کردەی خوێندنەوە، کردەیەکی هێژایی‌و لە خوێندکارەکو بە خوێندکارەکی تر، بەپێی چۆژ و سلیقەو پاشخانی هۆشبیریی و هزری دگۆڕێت، بەو مانایەی دشێ هەمانك لای خوێندرانك، سەرکەوتوو داهێنرانو جوان بێت، بەڵام لای خوێندرانکی دیکە نا! لەو سەنگەیەوە هەرگیز بەچوونی چەند نووسەرێك، یان نووسەرو دەزگایەکی ئەدەبی، نابێتە پاوەربەند و پەوانە بە دیاریکردنی کتێبێك وەك بژاردەی کتێبی ساڵ، لە نێو سەدان کتێبی چاپکراودا. کاتێ کتێبێك، شوناسی کتێبی ساڵ وەردەگرێت و هەڵدەبژێردرێت، ئەوا دەبێ پاوەرێ مەعریفی و زمانەوانی و بابەتییەکان بکرێنە بنەما بۆ دیاریکردنی ناوەڕۆکی کتێبەکە یان هەمانەکە، ئەمەش کاری نووسەرکی کولتووریی نییە، بەڵکو دەبێ لیژنەیەکی پسپۆڕیی فرە لایەن لە هەموو ڕووەکەوە، کە لایەن وەزارەتی هۆشبیرییەوە سەرپەرشتی بکرێت، بە کارەکە هەڵسێت. ئەمە ئەگەر بەیار وابێت کتێبێك یان چەند کتێبێك بە ناوی کتێبی ساڵ دیاری بکرێن. لەو سەنگەیەوە، ئەنستیتوی داکە، چەند کتێبکی کەمی وەك کتێبی ساڵ دیاریکردووە، کە لە ژمارە یەکی گەڤارەکیان بڵاویکردوونەتەوە. بەگومان بەشێك لەو کتێبانە شایەنی ئاوێن بکرێنە کتێبی ساڵ، بە نموونە وەك کتێبی فەنتازیا و ئەدەبی فەنتازیا و، ئاوێتە بوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە شیعری شەرکە بکەسدا و مرۆڤە خەیاڵمشیەکان و وێنەی کورد لە ڕەمانی کوردی، کە سەرچاوەیەکی هەرە دەوڵەمەندی توژینەوەی ئەدەبیین، بەڵام لەگەڵ ئاوەشدا، کتێبی وەهای تێدایە، شایەنی ئاوە نییە بە کتێبی ساڵ ناوبنرێت. بە نموونە ڕەمانی (هەڵاتنی کچکان) لە ڕووی زمانەوانییەوە چەندین هەڵە و کەموکورتی تێدایە، کەواتا چۆن لە نێوان دیان ڕەمانی چاپکراودا، ئەو ڕەمانە وەك ڕەمان و کتێبی ساڵ هەڵدەبژێردرێت؟ یاخود گەر بەراوردی ڕەمانی (وەڵی) دلاوەر ڕەحیمی، بە ڕەمانی (لەوە مەمری) ڕەزا عەلی پوور بکەین، ڕەمانی وەڵی هونەریترە و بگرە پێنگاڤکە بە ئاراستەی تێپەڕاندنی شوناسی کەمایەتییانەی ڕەمانی کوردی خەهەڵات، بە دەرچوون لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا و بۆ جیهانیبوون. بۆیە باشتر وابوو، داکە کتێبکان بۆ ناوی کتێبی دەزگاکە واتا خێی نەك کتێبی ساڵ هەڵبژێرێت، چونکە ئەم ناونیشانە گونجاوترە، هاوکات مایەی ڕەخنەو تێبینیش نییە. ئایا دەکرێ لە نێو دیان کتێبی چاپکراوی

ماننووسان و شاعیران و و نووسەراندا، ئەنستیوتی داکە تەنها چەند کتێبێك وەك کتێبی ساڵ دیاریی بکات کە هەنگە کتێبی باشتر هەبێت ؟! ئەرکی دەزگایەکی ئەدەبی و کولتووریی نییە بە تەنها دیوانی شاعیرێك، هەمانەکی سادەی هەماننووسێك، تۆژینەوەی تۆژەرێك، وەك کتێبی بژاردەی ساڵ دیاری بکات، چونکە ئەمە نادادپەروەرییە، هاوکات جەرکیشە لە جیاکاری لە نێوان نووسەران، بە داخەوە بەهەی هاوڵێتی و شارچییەتی، واتا لەرەدا ناوەکی کتێبکان ناکرێنە پەوانە، بەکو هاوڵێتی دەکرێتە پەوەر. بۆیە باشتر وایە کتێبی ساڵ، وەزارەتی هەشنبیریی لە هەگەی لیژنەیەکی پسپۆڕەوە دیاری بکات.

سەدیق سەعید هەواندزی

*ئەم بابەتە لە هەژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە( 9771) لە 26/10/2026 بڵاوکراوەتەوە.